The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*CAK*
chak_org@yahoo.com

# ئاشكراكردنی لیستی پێشمەرگەی دێرین و شەهیدان و ئەنفالكراوان , تاكە زامنی ئەوەیە تاوانكارانێكی چەشنی عەلی محەمەد ڕەزا لەو لیستانەدا نەبن

**كەس و كاری قوربانیان , پێشمەرگەی دێرینی سەربەرز**

**وزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان , كۆمەڵەی پێشمەرگەی دێرین**

بوونی ناوی تاوانكاران لە لیستی ناوەكانتان , گەورەترین سوكایەتییە بە مێژووی تێكۆشان و قوربانییەكانی ئێوە دەكرێت , پاكسازی ئەو لیستانە پێش ئەوەی پاكسازی بێت لە گەندەڵی , پاكسازی ڕیزی ئێوەیە لە تاوانكاران .

لە ماوەی ڕابردوو چەندین ناومان بڵاو كردەوە كە تاوانكارانێكی ناسراون و ناویان لە لیستی پێشمەرگەی دێرین و شەهیداندا هاتووە , بە داخەوە بەرپرسان نكۆڵیان لە بەشێكیان كردووە , ئێستا كە ئەم هەواڵە دەخوێننەوە , بۆ هەمووان دەردەكەوێت تاكە هۆی بڵاو نەكردنەوەی لیستەكان بوونی ناوی ئەو تاوانكارانەیە لەو لیستانە , هیوادارین لەماوەی نزیكدا لیستەكان بڵاو بكرێنەوە , پێشمەرگەی دێرین و زیندانی سیاسی و بنەماڵەی ئەنفال و شەهیدان ئاسوودە ببن و لەو دڵە ڕاوكێیە ڕزگاریان بێت , بەهۆی بوونی ناوی خۆشەویستانیان شان بە شانی تاوانكاران لە یەك لیستدا تووشی بوونە .

## ناوەندی چاك

## 2007-10-19

www.chak.be
chak_org@yahoo.com

**تێبینی : تەنها ئەم ئیمەیل و ماڵپەڕەمان هەیە .**

بوو هاووڵاتییەی لەپرسەكەدا كوژرا پێشمەرگەی خانەنشینی یەكێتی

**Thursday, 18 October 2007**

دوای ئەوەی لەیەكەم رۆژی جەژندا لەپرسەیەكدا لە سلێمانی هاووڵاتی (عەلی محەمەد رەزا (لەلایەن دوو كەسی نەناسراوەوە كوژرا،دەركەوت كە پێشمەرگەی خانەنشینی یەكێتی یە. هەروەها لەدوای رووداوەكە تەلەفزیۆنی ئازادی رایگەیاند كە ناوبراو دەستی هەبووە لە كوشتنی 17 پێشمەرگەی شیوعیدا، لەساڵی 1982 لە دێی بەكربایف لە ناوچەی گەرمیان.
سەرچاوەیەكی تایبەت كە نەیویست ناوی بهێنرێت بەهاوڵاتی راگەیاند «ئەو هاووڵاتییە لە ساڵی 1977 مەفرەزەی ئیستخباراتی دروستكردووەو دەستی هەبووە لە شەهیدكردنی ژمارەیەك پێشمەرگەی یەكێتی و شیوعیدا« هەروەها ئاماژەی بەوەشكرد» ناوبراو لە ساڵی 1991 چووەتە ریزەكانی پارتی دیموكرات و لە ساڵی 2004 هاتووەتە ناو یەكێتیو بەپلەیەكی بەرز خانەنشینكراوە".

**له لایەکی ترەوە سەرچاوەیەکی نزیك لەرووداوەکە کە نەیویست ناوی بهێنرێت بە هاوڵاتی‌وت"لە کاتی کەشفی پۆلیسدا ناوبراو دوو پێناسی پێبووە، کە یەکێکیان پێناسی خانەنشینی پێشمەرگەی یەکێتی‌و ئەوی تریان پێناسی موچەی کۆمەڵایەتیی ئەنفال بووە.»**

**هەر لەبارەی ئەو رووداوەوە لیوا رزگار عەلی ـ بەرێوەبەری پۆلیسی سلێمانی بە هاوڵاتی راگەیاند «ئەو هاووڵاتییە کە کوژراوە تەمەنی لەسەرووی 70 ساڵەوەیە، ئەو کەسانەش کوشتوویانە ناسراون‌و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە".**

**بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی ئاماژەی بەوەشدا «ئەو هاووڵاتییە کێشەی کۆنی خۆیان هەبووەو ئێمە بەدواداچوونی تەواو دەکەین‌و بکوژەکانیش بەمادەی 406 بڕیاری دەستگیرکردنیان دەرچووە».**

**لە بەرانبەردا رەهبەر ئیبراهیم بەرپرسی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان ئەوەی رەتکردەوە کە ناوبراو خانەنشینی پێشمەرگەی یەکێتی بێت .**

**أ.خ**